# تەعریب

## ئەحمەد دەشتی

کێ بێ کە وشەی تەعریبی نەبیستبێت کە لەوەتی ئەو وشەیە هاتۆتە کایەوە لە لایەن زۆربەی کوردەوە کە گوێی لێ دەبێت ئەوا راستەو خۆ کەرکوکی دڵی کوردستان و ناوچەی خانەقین و دەشتی قەراج و ناوچەی ژەنگاری دێتەوە بەر چاوان کە چۆن لە لایەن ڕژێمی دکتاتۆری گۆربەگۆڕی عێراقی و داگیرکەرانی عارەب لە کوردستانی باشوردا خاکی کوردستان تەعریب کراو داگیر کراوە ، کە سالە هایە خەلکی کورد لەو ناوچانە دەر کراون و عارەبەکانیان بە زۆری زۆر داری بۆ ئەو ناوچانە هێناوە.

من بەش بە حالی خۆم کە ئەم وشەیەم گوێ لێ دەبێت ئەوا جگە لە تەعریب کردنی ئەو دەفەرانەی کوردستان بە زۆری زۆرداری عارەبان گەلێ شتی ترم دێتەوە بەر چاوان کە زۆر بە داخەوە خودی کورد بۆ خۆی بە دەست و هەستی خۆی تەعریبی دەکات،بۆنمونە ناوی کوردی لە لایەن گەلێ لە کوردان حەرام کراوە و وایان لا باوە کە دەبێ ناوی زارۆکان عارەبی بێت و گەر ناوی عارەبی لە منداڵانیان نەنێن گوناهێکی گەورەیە و خوا لێیان خۆش نابێت ، چونکە تەنیا ناوی عارەبی بە ناو

دەزانن و ئاوایان فێر کردوون ، بە داخەوە کە دەڵێن ناوی کوردی ناو نیەو بە گوناهی دەزانن کە ناوی بچوکان بە کوردی ناو لێ بنێن ، کە ئەم بۆچونانەش گەلێ لە ڕاستی دوورە و وا نیە،یاخود دەبینین کەگەلێ لە کوردان پێیان وایەو وا فێر کراون کە دەبێ دوعا کانیانیشیان تەنیا بە زمانی عارەبی بێت ئەگینا خوا قەبولی ناکات ، کە ئەمەش دوورە لە ڕاستی و خوای مەزن کە زمانی دروست کردوون بۆ خۆشی زۆر بە چاکی لە هەمو زمانێک دەگات ، ئەمڕۆکەش دەبینین کە گەلێ لە مامۆستاو زانایان و زۆر لە بەرپرسیارانی دیاریش تا زمانی عارەبی هەبێت کوردیان لە یاد کردووە، دەبینین لە خزمەت زمانی بێگانە دان و هەستیشی پێ ناکەن ،بە داخەوە کە زۆر لە دەزگا حزبیەکانیشمان تا بۆیان بلوێت ئەوا تەنیا بە زمانی عارەبی دەپەیڤن و دەنوسن و ڕۆژنامەو بڵاو کراوەکانیشیان هەر بە زمانی عارەبیە کە ئەمانە هەمووی بۆ خۆی تەعریب بوونە و خزمەت کردنی بە زمانی عارەبانە و گرنگی نەدانە بە زمانە کوردیە شیرینەکەی خۆمان،یاخود دەبینین لە سەر لاپەرەکانی ئەنتەر نێتیش دا لاپەرەکانیان بە زمانی عارەبی تەرخان کردووە تا عارەبی هەبێ کوردی بڵاو ناکەنەوە و بەناوی حزبێکی گەورەو گران کە دەها سالە بۆ رزگاری کوردو کوردستان و دان نانی داگیرکەران بە زمانی کوردی خەبات دەکەن و بە هەزاران هەزار شەهیدیان داوە و لە پیناوی ئازادی و ڕزگاری کوردو کوردستان هەتا ئەمڕۆش لە تێکۆشان نەوەستاون و کەچی دەبینین زۆر

زۆر ساکارانه بەداخەوە لە خۆیانەوەرا دەست پێ ناکەن و زمانی بێگانەکانی داگیرکەر بە هێز دەکەن و زمانی شیرینی کوردی خۆیان لە گەلێ شوێن بە کار نابەن ، من بە بۆچوونی خۆم پێم وایە ئەمەش هەر هۆکارێکی تەعریب بوونی زمانە کە بە زمانی بێگانە دەنوسن و زمانی کوردی خۆیان بە هێز ناکەن.

زمان کە بنەمایەکی هەرە گرنگی بوونی هەر میللەتێکە دەبێ هەموو خاوەن بیرو باوەڕێکی ڕاستەقینەو خەباتگێڕێک پێش هەموو شتێک بۆ گەلەکەێ خۆی بنوسێت و زمانی کوردی خۆی بەرەو پێشەوە ببات و بە هیچ شێوەیەک ماف بە خۆی نەدات وەک بەر پرسێکی کورد خزمەت بە زمانی بێگانەوە بکات و لە بەر هەر هۆکارێکەوە بێت دەبێ زمانی بێگانەی لە زمانەکەی خۆی پێ لە پێشترو باشتر بێت ، دەبێ نەوەکانی ئایەندەمان وا فێر بکەین کە هەرگیز نەکەن بە زمانی بێگانە بنوسن و با ئەو زمانەش زۆر باش بزانن ، من پێم وایە هەرکەسێ کە بیەوێ زمانی عارەبی لە زمانی کوردی خۆی بۆ نوسین و بڵاو کردنەوەی هەر بابەت و کتێب و هەر شتێک لە پێشتر بزانێ ئەمە بۆ خۆی تەعریب بوونی هەستی ئەو کەسیەیە هەر وەک تەعریب کردنی خاک و ناوە کوردیەکان کە سالەهایە گەلی کورد پێیەوە دەناڵێت،من زمانی خۆم لە هەموو بوارێکەوە لا پیرۆزترە لە زمانی بێگانەوە وە بەئەرکی سەر سانی هەموو کوردێکی دڵسۆزی خاک و نەتەوەکەشم دەزانم کە دەبێ زمانەکەی خۆی لە پێش هەموو زمانێک دا بۆ

**هەر مەبەستێک بێت پێی بنوسێت و  دانی پێ بنێت و زمانی بێگانە بۆ نوسین و  بڵاو کردنەوە لە خۆی حەڕام بکات و بە گوناهی بزانێت کەوا خۆی ماندوو بکات و زمانی بێگانە و بۆ بێگانە بنوسێت و نابێت کە زمانی بێگانە بکا بە سەر مەشق و پیشەی خۆیەوە،دەبێ لە هەموو شوێنێ لە دەوائیرو قوتابخانەو سمینار و شوێنە ڕەسمیەکانی کوردستاندا وەک بەر پرسیارێک تەنیا بەزمانی خۆی بپەیڤێت و بنوسێت  .**